## تیپی مۆسیقای هاوبەشی کوردی-بریتۆنی

وریا ئەحمەد:

# بۆ گوێگری کورد و بۆ گوێگری بریتۆنیش کۆنسێرتەکانمان کارێکی نوێیە



بەو پێیەی لە ماوەی ســاڵی رابــردوودا، ئەو گرووپە نوێیەی موزیك، زیاد لە کۆنســێرتێکی لە دەرەوە و ناوەوەی کوردســـتان سازداوە، حەزمان کرد لە نزیکەوە و لە دەمی خۆیانەوە، زانیاریمان دەست بکەوێت، مامۆستای هونەرمەند وریا ئەحمەد کە بەشــێکی زۆری تەمەنی خۆی لە نێو بوار گۆرانی و موزیکی کوردیدا بەســەر بردووە و هەر لە ساڵانێکی زووە لەگەڵ تیپ و گرووپە رەسەنەکانی کورد کە ئێستاش بە سیمبولی پێشخستن و پێشڤەچوونی هونەری کوردی دادەنرێن کاری کردووە و ئێستاش لەگەڵ (گرووپی دەنگەکان) بە هەمان گوڕو تینەوە بە جیاوازی زەمەنەکان بەردەوامە لە خزمەت کردن بە هونەری رەسەنی کوردی و نیشاندانی ئەم هونەرە بە جیهان، بۆیە چاومان بە هونەرمەند (وریا ئەحمەد) کەوت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە رووبەڕووی چەند پرسیارێکی بکەینەوە و لە زاری خۆیەوە وەڵامەکانمان دەست کەوێت، بەڕێزیشیان بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:



***تیپەکەتان ناوی چییەو کەی دامەزراوە؟**

-تیپەکەمان ناوی (گرووپی دەنگەکان)ە و ساڵی (٢٠١٣) بە لێك تێگەیشتنی دوو هونەرمەند، لە دوو هەرێمی جیاواز دروست بـــوو، ئەوانیش هونەرمەندان (گابـــی کاردانکۆف) لە هەرێمی (بریتۆنی) وڵاتی (فەرەنســـا) و (وریـــا ئەحمەد) لە هەرێمی کوردستانی باشوور بوون.

***چوار موزیکژەنی کورد و چواری بریتۆنی، هۆکاری ئەمە چییە؟**

-دیـــارە خەونی ئێمەو واقیعی دنیـــای ئەمڕۆی ڕۆژ دوای ڕۆژ روو لە گرانی، لە هاتووچۆ و مانەوە، لە نوستن و خواردن و هاتووچـــۆ لەو وڵاتانەدا، ئەمـــڕۆ کارێکە بوودجەی تەواوی پێویســـتەو ئاسان نییە، بۆیە بەو ژمارەیە رازی بووین. شایەنی باسە هەر بەو هۆیانەی سەرەوە، گرووپ هەیە لەو فیستیڤاڵانە دەیانبینین، ژمارەیان دوو یا سێ هونەرمەندە.

***هەر کارێك یان پرۆژەیەکـــی هونەری ئامانج و پەیامێکی دیاریکـــراوی هەیە، ئێوە پەیامتان چییە لـــە دامەزراندنی ئەم تیپە؟**

- ئێمە ســـاڵانی زووتر کاتێك لە وڵاتـــی (هۆڵەندا) پەنابەر بوویـــن، پـــاش ئەوەی کارێکـــی هونەری لـــەو وڵاتەدا کۆی کردینـــەوە، چەند ئاوازێکی خۆم دایە هونەرمەندی پیانۆ ژەنی هۆڵەندی (بام کۆمایس) و ئەو هونەرمەندە کاری دابەشکردنی ئـــەو پارچە موزیکانەی بە سوپاســـەوە بۆ کـــردم و دواتر هەر لەگەڵ ئەوانیش تۆمارمان کردن، بڕوا بکەن شتی زۆر خۆشیان لێ دەرچوو بوو. بۆیە ئەمجارە دیسان شتێکی لەو جۆرەمان دروســـت کـــردووە، بـــەڵام ئەمجارە کارەکەمان کۆنســـێرتە نـــەك تۆمارکـــردن، ئێمە ئاوازی رەســـەنی (کوردی) و ئاوازی رەسەنی (بریتۆنی)، لـــە کۆنســـێرتەکان دەژەنیـــن و دەڵێین، جگە لەوە بەشـــداری لە ئاوازەکانـــی ئەواندا دەکەین و ئەوانیش لە هی ئێمەدا دەکەن. بۆیە بـــۆ گوێگری کورد و بۆ گوێگری بریتۆنیش کۆنســـێرتەکانمان کارێکی نوێیە. مەبەســـتم ئەوەیە بڵێم، پەیامی ئێمە، نیشاندانی برایەتـــی و خۆشەویســـتی و دۆســـتایەتی پەیداکردنە، لەگەڵ هونەرمەندانی وڵاتانی جیاجیای دنیادا.

***زیاتر پشت بە چ ئامێرێك دەبەستن لە گرووپەکەتان؟**

- دیارە ئێمە سێ موزیکژەنی کورد و سێ موزیکژەنی بریتۆنین، ئامێرەکانـــی ئێمە بریتییە لە: وریا ئەحمەد. بە ئامێری (عوود). ئازاد خەیلانی. بە ئامێرەکانی (زوڕنا، باڵەبان، شمشاڵ). شێروان سەعدی. بە ئامێری (تەمبوور یان ساز).

موزیکژەنانـــی ئـــەوان، گابی. بـــە ئامێرەکانـــی (ترۆمپێت، بۆمبـــارد). جۆن. بە ئامێری (ئۆکۆردیـــۆن). ئیڤ ماری. بە ئامێرەکانی (دەفی گەورە، دەهۆڵ).

دوو گۆرانیبێژیشمان هەیە، یەکیان کوردەو ئەوی دی بریتۆنییە. خاتـــوو ئاڵا رەیانـــی. گۆرانیبێژ خەڵکی شـــاری (مەهاباد)ی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لە وڵاتی (سوید) گەورە بووە و کۆلێژی تەواو کـــردووە. دووەم گۆرانیبێژێکی ناوداری هەرێمی بریتانە بە ناوی (ئیریك).

***کارەکانتـــان زیاتر بۆ جەماوەری کوردســـتانە یان پەیامێکی جیهانییە؟**

-تا ئەمڕۆ کۆنسێرتەکانمان لە باشووری کوردستان و لە وڵاتی فەرەنســـا بووە، ئومێدەوارین لـــە داهاتوودا بتوانیـــن بیکەین بە پەیامێکی جیهانیش.

***ئەو کارانەی پێشکەشی دەکەن، تەنیا پەیوەســـتە بە باشووری کوردستان، یاخود هی پارچەکانی دیکەیش دەکەن؟**



**ئەمجارە کارەکەمان کۆنسێرتە نەک تۆمارکردن، ئێمە ئاوازی رەسەنی (کوردی) و ئاوازی رەسەنی (بریتۆنی)، لە کۆنسێرتەکان دەژەنین و دەڵێین، جگە لەوە بەشداری لە ئاوازەکانی ئەواندا دەکەین و ئەوانیش لە هی ئێمەدا دەکەن**

-هەر وەك چۆن، لێرە لە كاتی تۆماركردنی بەرهەمی فۆلكلۆری كوردیـــدا، جیاوازی لە نێوان بەرهەمی پارچەكانی كوردســـتاندا ناكەین، لەو تیپەیش هەروامان كردووە.

***ئەی موزیكی جیهانی؟**

-ئەگەر مەبەســـتت لـــە بەرهەمی موزیكی كلاســـیكی وەك سیمفۆنی و كۆنشـــرتۆ و ئەوانە بێت، ئەوە دیارە ئەو تیپەی ئێمە بەو چەند ئامێرە كەمەو بەو ژمارە كەمەی موزیكژەنان ناژەندرێت، ئەگەر مەبەستیشت لەوەیە گۆرانی و موزیكی جیهانی بژەنین یا نا، ئەوە دیارە گۆرانی بریتۆنی و كوردی بەشـــێكن لە موزیكی جیهان.

***تا ئێستا بەشداریتان لە چەند ئاهەنگ و كۆنسێرتی جیهانیدا كردووە؟**

-مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ بەشداریمان لە فیستیڤاڵی (لۆریان) دا كرد، كە ماوەی (٤٤) ســـاڵە ئەو فیســـتیڤاڵە ساڵانە لە (١) تا (١٠)ی مانگی ئاب بە بەشـــداری دەیـــان تیپ و گرووپی جیاجیـــای وڵاتـــە جیاجیاكانی دنیـــا بەڕێوەدەچێت. لە مانگی (كانوونی یەكەمی) ســـاڵی ٢٠١٤شـــدا ئەمجارە بەشداریمان لە فیستیڤاڵی (برێست)دا كرد، ئەم فیستیڤاڵەیان ماوەی (٤) ساڵە، ســـاڵانە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بە بەشـــداری تیـــپ و گرووپی جیاجیای دنیا بەڕێوەدەچێت.

شـــایانی باسە بە هاوكاری (KRG) لە جەژنی نەورۆزی پار ســـاڵدا لە (پاریس)، ئاهەنگی ئەو ڕۆژەمان ســـازدا. لە ناوەوەی كوردســـتانیش ڕۆژی (١٩)ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لـــە كۆمپانیای (بابیلـــۆن) لێرە لە پایتەختی هەرێم كۆنسێرتێكمان ســـازدا و ڕۆژی دواتریـــش ئەمجارە لە پاركی (ئازادی) لە شـــاری ســـلێمانی كۆنسێرتی دووەممان ئەنجامدا.

***بەڕێزتان زۆربەی زۆری تەمەنی خۆتان لە بواری موزیكدا بەسەربردووەو تا ئێســـتا لە چەندین گرووپی هاوشێوەدا كارتان كـــردووە، جیاوازی ئەم گرووپەی ئیســـتا چییـــە، لەگەڵ ئەو گرووپانەی زووتر كارت لەگەڵدا كردوون؟**

-ئەگەر دەتەوێت باســـی ئەمڕۆ لە دنیادا بوونی چەند جۆر گرووپ و تیپی موزیك بكەین، ئـــەوە كاتێكی زۆری دەوێت، بـــەڵام بۆ ئەوەی وەڵامێكی خێرات بدەمـــەوە، دەڵێم، بۆ نموونە (تیپی مۆسیقای باواجی كۆیە) و (تیپی مۆسیقای شۆڕش) و (تیپـــی هونەری هەولێـــر) كە زووتـــر كارم تیایاندا كردووە، ئەوانە تیپی نیمچە گەورەن، یان ئۆركێسترای ڕۆژهەڵاتین، كە (عەرەب) بە (تەختی شـــەرقی) ناویان دەبات. بەڵام جیاوازی گرووپی دەنگەكان لە گەڵ تیپەكانی دیكەی شەرقیدا ئەوەیە، یەكەم، ژمـــارەی موزیكژەنانی كەمە، دووەم، بە تەنیا گۆرانی و موزیكـــی كوردی ناژەنێت. ئەوەیشـــمان لەبیر بێت، میللەتی هەرێمی بریتۆنی و میللەتی كورد نزیكەی ســـێ چوار هەزار كیلۆمەتـــر لە یەكتری دوورن، كەچی هـــەردوولا مەقامەكانی ڕۆژهەڵاتـــی وەك (راســـت و بەیات و ســـەبا و ... هی تر) بەكاردێنین و دەژەنن. هەر ئەو خاڵەیش بووەتە هۆی لە یەكتری زیاتر نزیكبوونەوەمان.

***كاری ئایندەتان چییە؟**

-هیوادارم كوردستان هەمیشە لەبەرەوپێشچوون و گەشەكردندابێت و ئەگەر هیچ شـــتێكی نائاسایی نەیەتە پێشەوە، ئەوە مانگی ئابی (٢٠١٥) بەشـــداری لە دوو كۆنســـێرتدا، هەر لە وڵاتی (فەرەنسا) دەكەین.

**میللەتی هەرێمی بریتۆنی و میللەتی كورد نزیكەی سێ چوار هەزار كیلۆمەتر لە یەكتری دوورن، كەچی هەردوولا مەقامەكانی ڕۆژهەڵاتی وەک (راست و بەیات و سەبا و ... هی تر) بەكاردێنین و دەژەنن. هەر ئەو خاڵەیش بووەتە هۆی لە یەكتری زیاتر نزیكبوونەوەمان**

